نووسراوه (درگەشت). لە عەینی دەقی غەزەلەکەدا سەر لە بەری دێرە شیعرە فارسیەکە بە ڕێنووسی فارسییە. لێرەدا کوردیو فارسی تێکەڵن دەبوو بنووسیٚ (دەرگەشت) یان بە هەمان شکڵی سەرووتر ڕای‌گوێستبایە پەراوێز.

وشەی (کنار) لە پەراوێزدا بە (بەلاّ لووك) لێك دراوەتەوە. ئەمە دەقی مصرەعەکەیە:

زاشك سرخم شد کنار ازداغ هجران لالەزار

بە پێی بۆچوون لێژنە کە (کنار) بەلاّلووك بێت ئەمە واتای بەیتەکەیە: لە فرمێسکی سوورمەوە بەلاّلووك لە داغی دووری بوٚتە لالەزار. هەڵبەت ئەم واتایە لە نوکتە دەکات تەك لە شیعر. (کنار) بە واتای تەنیشتو ڕوخ دێت وەك کە دەڵێی کەناری دەریا. بەو پێیە واتاکەی دەبێتە: (لە فرمێسکی سوورمەوە تەنیشتو ڕوٚخم، لە داغی دووری بوٚتە لالەزار). ئەم شیعرەی مەولانا خالید بەیتێکی (کەلیمان) بە بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

شود دامەن ئەلوەند کنارم ز گولی ئەشك
کردیم دەوا داغی فیراقی هەمە دانرا

واتە؛ تەنیشت ڕوٚخم بووەتە دامەن کێوی ئەلوەند بە گوڵی فرمێسکم. (بەوەدا) داغی فیراقی هەمەدانم دەرمان کرد. مەولانا خالید جارێکی دیکەش کەلیمان بە بیر دێنێتەوە کە لە بەیتی پێنجەمدا دەڵێ:

(بکرەجو)یی شد زهر چشمم روان از خون دل
عاقبت کردم دوا داغ فراق سرچنار

واتە یەك بەکرەجوٚی خوونی دڵ لە هەر چاوێکمەوە ڕەوان بوو. ئاخری داغی دووری سەرچنارم دەرمان کرد. بەیتەکە وەها دەخوێندرێتەوە:

بەکرەجوٚیی شود ز هەر چەشمەم ڕەوان ئەز خوونی دل
عاقیبەت کەردەم دەوا داغی فیراقی سەرچنار

لە لاپەڕە ١٢٤ ئەم سەهوە بچووکانە هەن. لە مصرەعی دووەمی بەیتی یەکەمدا (دوڕو) دەکرێتە (دوڕڕو). لە مصرەعی دووەمی بەیتی دووەمدا (ڕەعیەت - ڕەعییەت).

لە مصرەعی سێیەمدا کە پێشتر لە مصرەعی دووەمدا نووسرابو (موفاجات) دەبێ لەوێشدا بنووسرێ (موکافات) نەك (مکافات). لە مصرەعی چوارەمدا (دونیاو) دەبێتە (دونیاوو).

لە مقطعەعی سێیەمدا (ئەفسوردەی) دەکرێتە (ئەفسوردەیی). لە مقطعی چوارەمدا ووشەی (ئەوەل) دەکرێتە (ئەووەل). لە لاپەڕە ١٢٥ ووشەی (لاف) بە (ئیدی) لێك دراوەتەوە. من ئەم ووشەیەم بەم واتایە نەبیستووە، ناشزانم (ئیدی) غەیری واتا مەشوورەکەی هەبێ.

(لاف)یش بە واتای دەعیەوکەشو فش ڕوٚیشتووە. وشەی (باقل) کە بە (وا دیارە) لێك دراوەتەوە دەبوو بە (بە عەقڵ) شەرح بدرێتەوە کە هەر خوٚیەتی بوٚتە (باقڵ).

لە لاپەڕە ١٢٦، بەیتی چوارەم نووسراوە:

هەم هەمەمینان ئاهەو، هەم ڕێکابی ئەشك

دەبێ بنووسرێ:

هەم هەمەمینان ئاهەو هەم هەمڕیکابی ئەشك

دڵنیاش نیم لەوەدا ووشەی (عنان) ئایا (عینان) یان (عەنان) دەخوێندرێتەوە!

لە بەیتی شەشەمدا (توٚی طاهیرو) دەبێ (توٚی طاهیر) دەنا کێش دەشێوێ.

نیوە بەیتی دووەمی پێش کوٚتایی بەیتەکان لەو لاپەڕەیەدا دەبێ بەو دەقە بگوڕێ کە لە پەراوێزدا هاتووە وئاوێکە پڕ لە نارو چنارو گوڵو چنوورە.

وشەی (فەوەران) لە مصرەعی هەرە دواییندا دەکرێتە (فەووران) لەبەر کێش.

[لە لاپەڕە ١٢٤ بەسەر سەهوێکدا کشیم، لێرە بوٚی دەچمەوە: لە مەقطەعی یەکەمی تەخمیسەکە جارێکیان (عومەر)و جارێکیان (عەمر) نووسراوە. (عومر) ڕاستە. لە شەرحەکەی ماموٚستاش هەر دوو (عومر)ن. [ل. ٣٦٧ی شەرحەکە]. ].

لە لاپەڕە ١٢٧ ووشەی (ئاوێنە) وا باش بوو بە (ئاوینە) بنووسرێتو لە شەرحدا بگوترێ وشەکە هەر دوو شکڵ (ئاوێنە ، ئاوینە) هەڵدەگرێت چونکە سەرچنار بریتییە لە (ئاو)و دەشێ وەکوو (گلێنە - مەسینە . . ) بە (ئاوینە - لە ئاو دروست کراو) بڕوات. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە (ئاوینە) یەك شکڵ ئاسمان بداتەوە. ئنجا لێرەدا تەڵەیەکی فکری هەیە هەموو نالی دۆستان پێوەی بوون: لە شەرحی ماموٚستادا دەقی بەیتەکە وا هاتووە:

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکان رابکێشن وەك شەهابی نور

لەگەڵ دەقی (ئەنجومەن) تەنها (ڕادەکێشن) فەرقە لە نێوانیاندا. شەرحی ماموٚستا هاتووە ڕاکشان ئەستێرەکانی ئاسمان بە وردە بەردی ناو سەرچنار شوبهاندووە کە ئاوی ڕەوان بە سەریاندا دەکشێت وا دێنە بەر چاو بجوولێنەوەو بکشێن. ڕاستی مەسەلەکە شتێکی یەکجار دوورە لەمە: (ئەستێرە - ئەستێرەکان) لە کوردیدا کە (ئەستێرك)یشی هاتووە بە عەنباراوی ئەوتوٚ دەڵێن بوٚ مەبەسی پتر سوود لێ وەرگرتنی، لەو حەوزە هەڵتراوە کوٚمەڵ دەکەن تاکو کاتێك کونی مەجراکەی کرایەوە بە غوردەم بڕواتو بگاتە شینا وورد. ئنجا نالی دەڵێ ئەو ئاوە ڕاوەستاوانەی لە سەرچنار پەیدا دەبن هەر یەکەیان (ئەستێرە)یەکەو بە شرێتە وەك (شیهابی نوور) ڕادەکشێن. (ئەستێرەکان) بە بەریەوە هەیە ببێتە دوو ووشەی سەربەخوٚ (ئەستێرە - کان) واتە ئەستێرەو کان ڕادەکشێن وەکوو شیهاب ،ئەستێرە ، کان ڕادەکشێن وەك شیهابی نوورە. ووشەی (ئەستێرە ، ئەستێرك) لە فارسیدا (استخر)و لە زمانە

[دو چامەکەی مامۆستا عەلائەددیندا] بەم شکڵەیە:

دلەم سەر بسرۆ وەکو بەریدو لەوێ بێ وەکو تەتەرە
دەبو هەر نەبایە بڵێ (لەوێ بێ) هەڵەیە چونکە قسە لەگەڵ کەسی دوومدایە نەك کەسی سێیەم. لەمانە بترازێن دەگەینە غەڵەتە زلەکەی کە هەر باسی نەهاتووە بیربشی لێ نەکراوەتەوە:

ئەم دەقەی نیوە بەیتێ کە لە [دو چامەکەی مامۆستا سجادی] هاتووە لە جیاتی ١٤ برگە گەیشتووە بە ١٦ برگە. ڕاستی نیوە بەیتەکە ئەمەیە:

لەم سەر وەکو بەریدو لەوێ بە وەکو تەتەر

کە دەڵێم (لەوێ بە - نەك لەوێ بێ) لەو ڕووەیە، سەرەتای بەیتەکە (هیممەت کە) بە ئەمری صەریح نەك ناصەریح هاتووە لەبەر ئەمە پێویستە ئەمری بەیتی دووەمیش هەر صەریح بێ. ئەگەر لە سەرەتاوە (هیممەت کەی) کە ئەمری ناصریحە هاتبایە دەشیاو دەبوو لە کۆتایی بەیتەکەدا (لەوێ بێ) بێت. دیققەت بفەرموون ئێمە دەڵێین: (دەبێ لەوێ بێ) چونکە ئەمرەکە ناصریحە. هەرگیز ناشێ بڵێین (دەبێ لەوێ بە) چونکە ئەم دەقە بڕیەی تێدایە هەڵناگرێ زەمینێ بۆ ساز دری بە عیبارەتی وەکو: (دەبێ، پێویستە، واچاکە، مەصلەحەتە. . . . هتاد).

ئەم سیفەتەی (ناصەریح) وەهای کردووە دەقەکەی بۆ مەرجیش دەست بدات وەك کە دەڵێین:

(ئەگەر لەوێ بێ دێە لات) ئەم سروشتەی ئەمر لێ ناگەرێ بە — ڕێژەی سەریح بۆ غەیری کەسی دووەمی ئالۆ کۆ بەکار بێت ـ باسەکە پتری بە دەمەوەیە، لێی کورت دەکەمەوە.

چامەکەی نالیو سالم لە ئەنجومەندا چەندین بەیتیان کەمترە بەیتیان کەمترە لەو دەقەیان کە لە شەرحی مامۆستای بیارەیی‌دا هەیە. پاش ئەم دو چامەیە دەگەینە (شەکوا حاڵ) ، (عارف). پێی ناوێ من خەریکی ڕاست کردنەوەی هەڵەکان بم چونکە لە لاپەڕەکانی ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧ی کتێبی ئەنجومەن، لیژنە دەقی هەڵبەستەکەی لە کتێبی (لە خەوما)وە ڕاگوێستووە و زۆربەی هەرە زۆری هەڵەکان لەو دەقەدا ڕاست کراوەتەوە.

لە لاپەڕە ١٤٢ ووشەی (موتتصەف)ی سەرەتای بەیتی دووەم (موتەصیف)ە. (موشەرەف)یش (موشەرڕف)ە (تەجەلا)یش (تەجەللا)یە کە ڕاستیەکەشی (تەجەلل)یە بەڵام بەڵام گەلێك ووشەی دیکەی وەك (تەوەللا، تەمەننا، تەسەللا. .) خۆی لە ئەدەبی کوردی جێگیر کردووە.

لە لاپەڕە ١٤٦ بەیتی دووەمی لاپەڕەکە کە دەڵێ:

تەحەوولی تەفرەقی نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عاریفی حیکمەت ئاشنا لەم قصەیە ئەدەب دەکا

دەبێ (حیکمەت ئاشنا)ی تێدا بکرێتە (وەحدەت ئاشنا) چونکە یەك بە دوو دیتنی خێل (تەحوەل) بەتاڵ بکرێتەوە دەبێ (وەحدەت ئاشنا)ی لێ ڕاست بکەیتەوە. لە جیلی پێش خۆمم بیستووە [وا بزانم لە ساڵی ١٩٣٧ ڕەفیق ئەفەندی خادم السجادە، لە یادەوەی مەلا ئەفەندی، بۆی گێڕامەوە] کە موفقی زەهاوی گوتوویەتی: مەبەستی نالی لەم تەحوەلی تەفرەقە نەظەرە من (واتە: موفق) بووە.

بەیتی دووەم لە ئەنجومەندا کە ئەمە دەقیەتی:

سەهمو تەصیبی تەصلیە بەحتی گیاهو گوڵ زینە
تونتنە خەرجی سوتنە مودنە ماجی لەب دەکا

لە دیوانی نالی، شەرحی مامۆستادا، مصرەعی یەکەمی بەیتەکە وەها هاتووە.

سەهمو تەصیبی تەصلیە بەحتی گیاهو گڵ زینە

هەڵبەت (گڵ) ڕاستە نەك (گوڵ) چونکە توتن گیایەو مۆدنە گڵە نەك گوڵە. لە خوالێخۆشبووی، شێخ ئەجوددینی شێخ کەریمی بەرزنجی، کە خاڵی مامو پیاوێکی مسلمانو ئەدیبو خاوەن تەکیە بوو لە کۆڕی ئەم بەیتەی دەخوێندەوە بە سۆزو کڵپەی دەروونەوە تا ڕادەی گەرم داهاتن، دەیگوت:

سەهمو نەصیبی تەصلیە بەحقی گیاهو گڵ زینە

من ئەمەیان کارم تێ دەکات.

لە لاپەڕە ١٤٧دا (لەشکەنجەی شکەنجیزولفی) هەڵەیە ڕاستەکەی (لە ئەشکەنجەی شکەنجی زولفی)یە.

بە لای منەوە بەیتی پێنجەمی ئەو لاپەڕەیە کە دەڵێ:

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجاتو خەزینەی دڵ
نیثاری خاکی بەر پێت بێ لە چاوما قەطرەیێ ماێ

لە شەرحی مامۆستاشدا مصرەعی دووەمی ئەمەیە:

نیثاری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ ماێ

هەر دوویان شێواوییان تێدایە. مصرەعی دووەمی بەیتەکە دەبێ وەهابێ:

نیثاری خاکی بەر پێت بێ لە چاوا قەطرەیێ ماێ

لە مصرەعی یەکەم گوێ (خەزینەی دڵ) نەك (دڵم). زەوق وەها دەهێنێ (چاو)یش بە بێ ئیضافە بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك بە ڕەهایی بمێنێتەوەو نەکرێتە (چاوما). لە لایەکی دیکەشەوە بێگومان نالی نووسیوەتی (خراجاتو خزینەی دڵ)، لەفزی (خراجات) دەشێ (خوراجات) بخوێندرێتەوە لە (خوڕڕاج)ەوە دێت کە لە ئاکامی برینو هەڵ ئێشانی دڵ پەیدا دەبێ (خزینە)ش دەلالەتی خەزنە کردنی برینی پێوەیە. شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەم لایەنە نەچووە، عیشقو خۆشەویستی داناوە بە خەراجاتو خەزینەی دڵ حەقیشیەتی بەڵام نەك لە پشت گوێ خستنی خوراجو خەزنە کردنی دڵ. شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەوە چووە کە (لە چاودا قەطرەیێ ماێ - بە پێی دەقی پەسەندکراو لە لایەن خۆیەوە) ئەو (ماێ)یە دەکرێ بە (ماێ - ماە یێ) واتە (ئاوێ) لێك بدرێتەوە باشیشی بۆچووە.

بەیتی کۆتایی ئەم لاپەڕەیە کە نووسراوە:

